کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 27-11-2007 1:51

**حوتی حکومەت ... ئەنوەر حسێن**

ماوەیەکە حکومەت کەوتۆتە خۆیی و دەڵێ پارە نییە، کە خەڵکیش دەپرسن ئەی ملیارە دۆلارەکانی بەغداو ملیۆنەکانی داهاتی کوردستان بۆکوی دەچن و چۆن خەرج دەکرێن؟ حکومەت دەڵێ" (75%) موچەخۆر دەیبات.
بەلام ڕاستیەکەی بەوشێوەیە نییە، بەڵکو بەپێی ئامارێکی سەرچاوەیەکی باوەرپێکراو تەنها (20%) بودجەی هەرێم بۆ فەرمانبەرانە، کەچی حکومەت لێتێکچوەو ئەندام پەرلەمان و وەزیرو بەڕێوەبەرەکان و پاسەوانە و بارەگا حزبیەکانیشی لەسەر موچەخۆری هەژار حساب کردووە.
-پارەیەکی خەیاڵی دەچێتە گیرفانی (92) وەزیری خانەنشینکراوەوە کەهەرکامیان مانگانە (4434000) وەردەگرێت و لەماڵی خۆی دانیشتوەو بازرگانیش دەکات
- (52) بریکاری خانەنشینکراو مانگانە هەریەکیان (1500000) دینار وەردەگرێت و ئێستا بەشێکیان بونە ڕاوێژکاری سەرۆك و سکرتێر.
- (57) بەرێوەبەری گشتی خانەنشینکراو مانگانە هەریەکیان (1105000) ملیۆن دینار وەردەگرن.
- (123) ڕاوێژکاری خانەنشینکراو مانگانە هەریەکیان (1048000) ملیۆن دینار وەردەگرن.
-زیاتر لە (100) ئەندام پەرلەمانی خانەنشینکراو کەمانگانە (4000000) دینار وەردەگرن.
جیا لەوەش ئێستا پارەو موچەی وەزیرو ئەندام پەرلەمان و هێندە زۆرە بەنگلادیشیەکانیش کەهاتونتەکوردستان دەڵێن برا ئەوە کاسبیە خەڵکی کوردستان هەموویان حەزدەکەن ببنە وەزیرو پەرلەمانتار، چونکە هەرهیچ نەبی سبەی بەپارەیەکی باش خانەنیش دەکرێن و نەوەی نەوەکەشی سودمەند دەبن.
گەر حکومەت فریای خۆی نەکەوێت و خانەنشینکردنی پەرلەمانتارو وەزیرو مدیر عام و شارەزاو بریکار بەوشێوەیە بۆ ماوەی (10) ساڵی تر بەردەوام بێت.
دڵنیام گەر ئەمساڵ (1) ملیار دۆلار بوودجەکەمی هێناوە، دەساڵی تر (2) ملیار کەم دێنێت و حکومەتی هەرێمی کوردستان جیا لەوەی ئیفلاس دەکات، بەدەست خانەنیشنە قەڵەوەکانەوە ناویشی دەچێتە لیستی گینسەوە لە زۆرترین ژمارەی خانەنشینکراوەکان و بەرزترین ڕێژەی پارەبەخشینەوە بۆیان.
ئاخر ئەوە کەی ڕەوایە مامۆستایەك سی ساڵ خزمەت دەکات ئەنجا بەموچەیەکی ڕەمزی خانەنیش دەکرێت، کەچی بریکارێك یان وەزیرێك تەنها چوارساڵ بەسە بۆ ئەوەی ببێتە ملیۆنەر.
ئاخ خۆزگە تەمەنەکەم گەورە دەبوو، کاتی خۆی دەچوومە شاخ و بەپێشمەرگەی کۆن دائەنرام و ئەوسا دەچومە پەرلەمان و وەزارەت و پاش چوارساڵ خانەنیش دەکرام.
بەڕاستی ئەم کۆمەڵە خانەنیشنکراوەی حکومەتی هەرێم بونەتە حوتی حکومەت... !

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.